# هێماگەری و ڕەنگدانەوەی لە شیعری چەند شاعیرێکی ناو گۆڤاری ( نووسەری کورد )دا

د.عەباس سالح عەبدولا

کۆلێجی زمان- زانکۆی سلێمانی

پێشەکی:

ئەم بابەتە بەرهەمی ئەو شاعیرانە لە خۆ دەگرێت کە لە خولی دووەم و سێیەمی گۆڤاری (نووسەری کورد)دا، بەرهەمیان بلاوکردۆتەوە، کە هەردوو خولەکە لە یەکی ئایاری ساڵی(١٩٧٩ز)،ەوە دەستپێدەکات هەتا مایسی ساڵی( ١٩٨٦ز)، بەهەردوو خولەکە(١٦)ژمارەی لێدەرچووە.

ئاشکرایە لەبەر باری نالەباری ئەو سەردەمە و هۆکاری سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و نەبوونی ئازادی چاپەمەنی و بوونی سانسۆر لەسەر بەرهەمە بلاوکراوەکان، شاعیران پەنایان بۆ ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ بردووەو جۆرەکانی هێمایان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بگاتە خوێنەر، ئەوەی شایانی باسە ئەم گۆڤارە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی باری ئەدەبی کوردیدا لەو قۆناغەدا، بۆیە بایەخمان بەو بابەتە داوە و ناوەڕۆکی باسەکەش لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت:

تەوەری یەکەم: چەمکی هێما، بەشێوەیەکی گشتی باسی سەرهەڵدان و ڕوونکردنەوەی چەمکی هێمامان کردووە وهەرلەم تەوەردا باسی چەمکی هێماگەریمان کردووە و ئاماژەکان بە هەندێ بیرو ڕا داوە، کە لە هێماگەری دواون.

تەوەری دووەم: باسی بەکارهێنانی هێماکراوە لە شیعری شاعیرانی ناوگۆڤارەکەدا .

تەوەری سێیەم: لە جۆرەکانی هێماو بەکارهێنانی دواوین.

## تەوەری یەکەم: چەمکی هێـــما

چەمکی هێما مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە گەلێ جۆر لێکدراوەتەوە، (بنچینەی ڕاستی وشەکە لە کرداری (Sumballin) ی گریگی وەرگیراوە، بەمانای هاوبەشی و یەکگرتنی دووشتە لەیەك ڕوانگەدا ( Symbolon) وەکو: ناو، نیشانە، دروشم، ڕەمز، رادەگەیەنرێ)[1]، (ئەو زمانەی بەکاریان هێناوە وەکو یاسای فۆنەتیکی زمانەکەی خۆیان گونجاندویانە لە زمانی ئینگلیزیدا (Symbol) و لەفەرەنسیدا ( Symbole) لە رووسیدا ( Cumbo و لە ئیسپانی ( Simbolo)[2].

ڕیشەی (Symbol) مێژوویەكی دوورو درێژی لە زانستی خوداناسی (Theology)دا هەیە، كە هاوتای(creed)ە، كە مانای دەستووری باوەڕی مەسیحیەت)ە[٣]. (لە كۆندا لە دروشمە ئاینیەكان و هونەرە جوانەكان بە گشتی و شیعر بەتایبەتی بەكاربراوە تاكو ئێستاش نرخێكی هێماسازی لە لۆژیك و بیركاری و سیمانتیكدا بەخۆوە گرتووە)[٤]، (ئەوەی كە دەربارەی (هێما)باسكراوە زیاتر لە لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان و شیكارە دەروونییەكانەوە هاتووە نەك لە لێكۆڵنیەوە ئەدەبیەكانەوە، لەبەر ئەمە هێمایان وەكو ئیشارەتێك سەیركردووە، كە واتا دەلالیەكەی زانرابێت، بەلای ئەرستۆوە وشەگۆكراوەكان هێمای بارە دەروونییەكانن و وشە نوسراوەكانیش هێمای وشە گۆكراوەكانن).[٥]
( دەربارەی هێمای ئەدەبی گۆتە یەكەم كەس بوو، كە بە ڕێگایەكی ئەدەبی مۆدرێن باسی هێمای كردووە و بەئاوێتەبوونی خۆیەتی و بابەتی داوە لە قەڵەم).[٦]
(كولیردج بیرۆكەی خۆی دەربارەی هێما لەسەر جیاوازی نێوان خەیاڵ و وەهم دادەڕێژێت و خەیاڵ بەهۆی ئامرازی درووستكردنی هێما لە قەڵەم ئەدات)[٧]، هەروەها وا پێناسە كراوە، كە( ئەركی بنچینەیەی ڕەمز دەوڵەمەندكردنی دەربڕین و زیادكردنی واتای نوێیە، تاوەكو ماوە نەدرێ لەسەر جووینەوەی وێنە كۆن و سواوەكان).[٨]
د.فەرهاد نازر كرمانی دەڵێت:(هێما تەنیا ئاماژەیەك نی یە بۆ ماناو سیفاتی دیاریكراو بەڵكە دەسەڵاتێكی نادیارە بۆ بەخشینی مانای جۆراو جۆر، هەروەها پانتاییەكیشە بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵات، بۆنموونە شەڕ هێمایەكە بۆ وێرانكاری و خوێن و مەرگ، هەروەها هێمایەكیشە بۆ ئازایەتی و جوامێری، بەهەمان شێوە هێمایەكیشە بۆ دەسەڵات)،[٩] (بەدیوێكی دیكەدا واتە هێما پێكهاتەیەكی كاریگەرو وزەبەخشی نائاگایی مرۆڤەكانە و بەئاراستەیەكی نادیاریكراو دا دەڕواو گەردونێكی شوشەیی یە و وێنەكان تیایدا پێچەوانەو چەند جارە دەبنەوە).[١٠]
بۆدلێر(١٩٢١-١٨٦٧)بڕوای وایە:( دنیا بێشەیەكی لێوانلێوی هێماو ئاماژە دانە، حەقیقەت لە خەڵكی ئاسایی پەنهانە و تەنیا شاعیر بەزەبری ئەو ئیدراكەی هەیەتی، لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما وئاماژانەوە هەستی پێدەكات).[١١] لویس هۆرتیك( Louis Hourticq) لەو بڕوایەدایە شیعر بەبێ هێما نابێت و دەڵێت:(شیعرێك نیە كە كەمێك هێمای تێدا نەبێت).[١٢]

هۆكارەكانی بەكارهێنانی هێمـــا:

١- مەبەستی ئیستاتیكی: بەمەبەستی بەهایەكی ئیستاتیكی بەرز و ئاستێكی ناوازەی هونەری ودەرخستنی تواناو ئەفراندنەكانی پەنا بۆ هێما دەبات.
٢- مەبەستی سیاسی: بەهۆی مەبەستی سیاسی و ترسی لەدەسەڵات لەبەرهەمەكانیدا هێما بەكاردەهێنێ بەمەبەستی گوزارشتكردن لە بیروڕای خۆی و خۆپاراستن لە ستەمی دەسەڵاتداران.
٣- هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان: هەندێ جار هونەرمەند بەهۆی ڕێورەسمە كۆمەڵایەتیەكانەوە ناتوانێ بە ئاشكرا هەندێ شت دەربڕێ و هێما بەكاردەهێنێ .[١٣]

**چەمکی هێماگـــەری:**

(هێماگەری بریتیە لەو بزوتنەوەیەی کە لە دواین ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە شیعری فەرنسیدا بەدیهات، وەك ئاکام و بەرهەمی چالاکیەئەدەبیەکانی شارل بۆدلێر وڕامبۆ و فێرلین ناسراو پاشان لەنێوان قوتابخانە ئەدەبیەکاندا جێگەی تایبەتی خۆی بینیەوە، مانیفێستی هێماگەران لە ساڵی ١٨٨٦ دا بڵاوکرایەوە، یەکەم کەس کە زاراوەی هێماگەری بەکارهێنا ڕەخنەگری فەرەنسی جین موریاس بوو).[١٤]

لەڕووی سەرهەڵدانەوە ڕاکان جیاوازن و لەسەر ئەوەش هاوڕابوون، کە لەسەر دەستی کۆمەڵێك شاعیر ونووسەر گەشەی کردو کاریگەریان لەسەر دامەرزاندنی هەبوو، هەریەکێ لەو شاعیرو نووسەرانە لەلای خۆیەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کار لە ڕێبازێکی نوێدا بکات و شتێکی نوێ بڵێت جیاواز لەوەی پێشو، ج.ستیوارت دەڵێت:( ڕەمزیەت خوێنێکی نامۆیە بەجەستەی کلتوری فەرەنسیدا دەڕوات).[١٥] هەروەها پۆل فێرلین(١٨٤٤- ١٨٩٦)، کە دادەنرێت نەك تەنیا بە پێشەنگی شیعری ڕەمزی بەڵکو پێشەنگی شیعری نوێش لە هونەری شیعردا ڕای وایە(هێزی شیعر لەوەدایە، کە وشە تێیدا واتای وردی نابێت)،[١٦]

مالارمیە(١٨٢٢-١٨٩٨)، کە هێماگەری گەیاندە لوتکە دەڵێت:(واژە بەواتای دەلالی خۆی بارکراوە ناتوانێت دەربارەی ئەو جیهانە ڕاستیە کە جیهانی جوانی و نموونەییە واتای تر بدات بەدەستەوە).[١٧] هەر بۆیە ئەم شاعیرە تەمەنی خۆی لەسەر ئەوەدانا کە وێنەیەکی نوێ لە شیعردا بدۆزێتەوە و هەوڵی ئەوەیدا شیعر لە کۆت و بەندی ئەو شتانە ڕزگار بکات کە لەشیعرەوە دوور بوون بۆیە دەیوت:( نابێت شاعیر، خوێنەر بەمەبەستی شیعرکەی تەواو ئاشنابکات، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی تەمومژاوی بیخاتە بەردەستی خوێنەر).[١٨]

(هێماگەران چ ڕابەرەکانیان لەناو فەرەنسادا چ پەیرەوکەرانیان لە ئەوروپا و ئەمریکادا هێماگەرییان وەك ئامڕازێکی زۆران بەکارهێناوە لە دژی عەقڵانیەتی سەدەی هەژدەهەم ومادییەتی سەدەی نۆزدەهەم، چونکە ئاوەزو زانستی داهێنراوی ئاوەز بڕشتی لە بیرکردنەوەو خەیاڵ بڕی بوو و بەهیچ کلۆجێك زانست ڕێگەی نەدەدا بە هیچ بۆچوون و تێڕوانینێك لەسەر درك پێکردن بە دنیای پەنهانی (میتافیزیك) ).[١٩]

جان موریاس، کە لە ١٨ ی سێپتەمبەری ١٨٨٦ دا ئەم ڕێبازەی ڕاگەیاند دەڵێت:( ئەم ڕێڕەوە تازەیە دژی پابەندی زانستی و دەربڕینی ڕاستەوخۆو ڕاپۆرت ئامێز و پڤدار وهەستی قەڵب و وەسفی بابەتی وەستا، شیعری ڕەمزی بەرەوبیرێك دەچێ، کە ڕوخسارێکی هەستی بەبەرکراوە)[٢٠]، ( ڕێبازی هێماگەری کاردانەوەیەك بوو دژی تەوژمە ئەدەبیەکانی پێش خۆی سەری هەڵدا بەتایبەتی دژ بە سۆزی ڕووکەش و ڕۆنەچوو بەقوڵایی دەروونندا، هەروەها دژ بە ڕوونی شێوە ڕووکەشییەکانی، کە دەیانگوت: ئەدەبیات دەبێت ملکەچی ڕاستیەکانی دەروون بێت)[٢١]، (سیمبۆلیزم بنەمایەکی فەلسەفی کۆنی هەیەو پەیوەست بوو بە بنەما فەلسەفیە ئایدیالیزمیەکەی ئەفلاتوونەوە، زیاتریش لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعی ناتۆرالیزمەوە دروستبووە، کە

نەیتوانیوە بەسەرگۆڕانکارییەکانی بارودۆخی نوێی سەردەمدا سەربکەوێ).[٢٢]

هەردیاردەیەکی ئەدەبی بەستراوتەوە بە بنەماکانی فەلسەفەیەکی دیاریکراوەوە، یانی لەسەر بنچینەیەکی فەلسەفی دامەزراوە، هەر لەو ڕوانگەیەوە بوو کە بە فەلسەفەی(کانت) کاریگەربوون، کە(کرۆکی مرۆڤ بوون لە جیهانی ناوەوەدا دەبینێ لەبەر ئەوە ڕەمزییەکان پشتیان بە خودی مرۆڤایەتی بەست بۆناسینی ڕاستی بوون و چوونە قوڵایی دەروونەوە).[٢٣]

سیمبۆلیزم وەك ڕەوتێکی ئایدیالی بەرامبەر ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم و بەرناسیزمدا سەری هەڵداوە، چونکە لای سیمبۆلیستەکان جوانی و ئیستاتیکای شیعر لە سەرووی ڕەگەزەکانی دیکەوەیە و جوانی دوا ئامانجی شیعرەو تەنیا ڕێگەش بۆ گەیشتن بە جوانی برتییە لە خەیاڵ و ئیحا و خەون، لەو ڕووەوە کەمال میراودەلی دەڵێت:( ڕەمز لای شاعیرانی سەربە ڕێبازی سیمبۆلیزم بریتیە لە ئیحاگەیاندن، ئیحاش برتییەلە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ لەو لایەنە قووڵانەی دەروونەوە کە گوایە زمان بە واتا(وچعی)یەکانی ناتوانی ' دەریانبڕێ، ڕەمز پەیوەندی نێوان خودو جەوهەری شتەکان دەردەبڕێ).[٢٤]

واتە بەلای هێماگەرانەوە جوانی و ئیستاتیکای شیعر لەسەرووی ڕەگەزەکانی دیکەوەن، جوانی دوا ئامانجی شیعرە، تەنیا ڕێگەش بۆ گەیشتن بە جوانی بریتیەلە خەیاڵ وئیحا و خەون، واتە هێما و وێنەی هێمایی، واتە بەمانایەکی دی(سیمبۆلیزم حاڵەتی خەمبارو پرسەئامێزی سروشت و ئەو دیمەنو ڕووداوانەی کەمایەی نائومێدی و نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێی مرۆڤ دەردەبڕن، بایەخ بەو فۆرم و ڕەمز و هێما و ڕیتم و یاسایانە دەدەن، کە عەقڵ و لۆژیك قبوڵیان ناکەن بەڵکو تەنیا هەست پێیان قایل دەبێ).[٢٥]

ڕاستە، هەریەك لەو شاعیرانەی فەرەنسا کە ئاماژەمان پێدان ڕۆڵیان هەبوو لە سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازەدا،بەڵام ڕۆڵە سەرەکیەکە بۆ مانیفێستە هونەریەکەی(جان موریاس)( Jan Moras)(١٨٥٦- ١٩١٠)، کە لەئەیلولی ١٨٨٦ لە ڕۆژنامەی (Lefigaro) بلاوکرایەوە و جەختی لەسەر ئەوەکرد، کە ڕۆمانسیەت و ناتورالیزم و بزوتنەوەی پارناسی کۆتاییان هات و هێماگەری سەری هەڵدا، مۆریاس لە مانیفێستەکەیدا دەڵێت:(شیعری ڕەمزی دژی ڕاڤەکردن و ناونان و سۆزی دروستکراو و وەسفی بابەتیە، دەیەوێ ڕوخسارێکی هەستپێکراو لەبەر بیری ڕەها بکات).[٢٦]

بەوشێوەیە، هێماگەران لە کۆی بڕواکانیان گەیشتنە ئەو بڕوایەی، کە (مەبەستی شیعر گواستنەوەی حاڵەتێکی ویژدانی شاعیرەو بەهۆی سروشتی وێنەو ئاوازی مۆسیقاوە ئەو حاڵەتە دەگەیەنێ، ئەوانە بڕوایان وایە کە شیعر ناتوانێ واتای ئاشکرا بەدەستەوە بدات، بەڵکو هەندێ واتا دەگەیەنێ کە تێگەیشتنیان گرانەو ناکرێ بە ئاسانی تەعبیری لێبکرێ.. زمانیش بریتیە لە چەند ڕەمزێك، بەڵام ناتەواون و دەستەووەستانن لەوەی ئەو هەست ونەستە جۆر بەجۆرەی شاعیر هەیەتی وبەخەیاڵیدا دێ ڕابگەیەنێ)[٢٧]،(شیعری (ڕەمزی)شیعرێکی باڵدارەولە ئاسمانی دەروونێکدا، هەڵدەفڕێ کە واتا قورس و گرانەکان قووڵدەبنەوە، شیعری ڕەمزی ئاشنای زمانی ئاسایی نییە و شاعیری ڕەمزی گەرەکییەتی بچێتە ناخی دەروونی مرۆڤایەتییەوە).[٢٨]

تەوەری دووەم:

هێماگەری لە شیعری هەندێ لە شاعیرانی گۆڤاری نووسەری کوردا خولی دووەم و سێهەم

لەسەرەتای سالآنی سەدەی ڕابردووەوە، هێما وەکو پێویستیەکی شیعری لە شیعری شاعیراندا دەبینرێ، بۆ هەردۆخێك پێویستی کرد بێت هێمایەکیان دەربڕیوە، هەتا سالآنی هەشتاکان و لەوە دواش بەردەوامی هەبووە، ئەو کۆمەڵە دەنگەی لە حەفتاکاندا دەرکەوتن لە هەشتاکاندا دەنگی تایبەتی خۆیان جێگیر کرد، داهێنانیان لە بیرو داڕشتنی بیرەکانیاندا بەهۆی زمانێکی پاراوی ڕووت ئەنجامدا.( ئاراستەی سالآنی حەفتاکان قۆناغێکی گەشەسەندووی بە خۆیەوە بینی، بە ناوەڕۆکێکی تازەی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئەو ساتەی مرۆڤی کورد بە فۆرمێکی هونەری و خاوەن زمانێکی نوێ، تەکنیکی تازە بە بنیاتێکی نوێی هێمایی و دیالۆگ، هێماگەری کوردی لەسەر بنیاتنرا).[٢٩]

بەوشێوەیە، دەقەکان سەربەستربوون سەرباری ئەو هەموو پاڵەپەستۆی ڕامیاری و توندوتیژییەی، کە لە هەشتاکاندا ڕووبەرووی کورد بۆوە، بووە پاڵنەرێکی گرنگی داهێنان کە فرە دەنگی و کراوەیی دەق سیمای پڕ بایەخی گۆڕانکارییەکان بوون، دەقەکان ڕوویەکی تەمومژاوی و نادیاریان وەرگرتووە و کاریگەرییان لەسەر دەروونی خوێنەر هێشتۆتەوە و چەندین وشەو زاراوەی وەکو(لوبنان، ڤێتنام، دارگوێز، سەهۆڵبەندان، چوارپارچەی دڵ، یوسف،...)، کە هەریەکەی هێمایەکە و شاعیر لە پرۆسە شیعریەکەی خۆیدا ئەنجامی داوە.

جێی باسکردنە شاعیرانی ئەم قۆناغە بایەخیان بەڕەگەزە هونەریەکانی شیعر داوە، بەتایبەتی وێنەی شیعری، کە یەکێکە لەڕەگەزە گرنگەکانی شیعر، دیارە کەرەستەکانی ڕەوانبێژی، کە سەرچاوەی فراوانی وێنەی شیعرین کە زیاتر جەخت لەسەر چواندن و خواستن و خوازە و درکە دەکەنەوە، دەربارەی خوازە دەوترێ:( لە خوازەدا نیشانەیەکی زمانەوانی یا ژیری پێویستە، کە بەرهەڵستی مانا دروستەکە بێت بەڵام ئەم نیشانەیەش پێی ئەوترێ (قرینە المجاز)، ئەم نیشانەیەش وای لێدەکات کە تێگەیشتنی ماناکەی سنووردار بێت، بەڵام تێگەیشتنی ڕەمز شیکردنەوەو لێکدانەوەی قوڵی دەوێ)[٣٠]، سی دی لویس دەڵێت:( وەسف و خوازە و لێکچوون وێنە دروست دەکەن)،[٣١] کولیردج سەبارەت بە وێنەی خوازەیی لە شیعردا دەڵێت:( شیعر بەبێ خوازە کە خواستن بەشێکە لێی) وەکو پارچەیەکی بێ گیان وایە چونکە وێنەی خوازەیی بەشێکی پێویستی ئەو وزەیەن کە ژیان بە شیعر دەبەخشێت)[٣٢]، لەبارەی "خواستنەوە" عەزیز گەردی دەڵێت:( بریتیە لە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ دەرپینی مانایەکی تر بێجگەلە مانای دروستی وشەکە بەمەرجێ پێوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێچوون بێ، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان بەم وشەیە مانا خواستراوەکەیە نەك مانا دروستەکە).[٣٣]

شێرکۆ بێکەس لە دەقی( کۆست و چرا) دا بە شێوەیەکی هێما ئامێز باس لە ناشتنی تەرمی شەهیدی کوردستان دەکات و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تەرمی شەهید دەلاوێنێتەوە، هەموو بوونەوەرەکانی چواردەوری شەهید لەو پەڕی غەمو حەسرەتدا دەڕواننە تەرمی شەهید،

غەموئازارێك دەردەبڕن مەگەر لە ناشتنی تەرمی شەهیدا ئەوەبکرێت:

ئەی گۆڕهەڵکەن، ئێستەش هەر ئازاری ئەدەیت

کە دوا تەلەبەردی داناو یەکەم خاکەنازە گڵی

هەڵدایە سەر چاوەکانی

گوڵەگەنم فرمێسکی سپی هەڵڕشت و

ئەو چنارەی دڵمان لەسەری هەڵکۆڵیبو

پڕ بەدەمی هەزارەها گەڵای وەریو زریکانی

کە ناشتیانی لە ژوور سەرت ڕاوەستا بووم

(با) لە لانکەی تەمێکی ئەرخەوانیدا

بەهەردوو دەست تەرمەکەی ڕائەژەنی(٣٤)

شاعیرلە ڕووی هونەریەوە پەنای بۆ خوازە بردووە بەتایبەت پەنای بۆ خواستنی شاراوە بردووە چونکە گوڵەگەنم چوێنراوە بە مرۆڤ، بەڵام مرۆڤ نەهاتووە لە وێنەکەدا بەڵکو تەنیا پێوەستێکی هاتووە کە فرمێسکە، هەروەها کە دەڵێ ئەو چنارەی دڵمان لەسەری هەڵکوڵیبو، چواندنی ڕەوانی بەکارهێناوە چونکە تەنیا چوێنراو و پێچوێنراو هاتووە نەئامراز و نەڕووی لێکچواندن نەهاتووە. لەو شوێنەیشدا کە دەڵێت- گوڵەگەنم، فرمێسکی سپی هەڵڕشت و ئەو چنارەی دڵمان لەسەر هەڵکۆڵیبو لەڕووی وێنە هێماییەکانەوە شاعیر پەنای بۆ خوازە بردووە بەتایبەت پەنای بۆ خواستنی شاراوە بردووە، کە جۆرێکە لە خوازە، گوڵەگەنم چوێنراوە بە مرۆڤ، بەڵام مرۆڤ نەهاتووە لە وێنەکەدا بەڵکو تەنیا پێوەستێکی هاتووە کە فرمێسکە، واتە لە خواستنەکەدا چوێنراو(بۆخوازراو)هاتووە، کە گوڵەگەنمە بەڵام مرۆڤ کە پێچوێنراوە نەهاتووە، هەروەها -ئەو چنارەی دڵمان- چواندنی ڕەوانە چونکە تەنیا چوێنراو و پێچوپنراو هاتوون نە ئامراز و نەڕووی لێکچوون نەهاتوون.

لە تیف هەڵمەت لە دەقی (شیعرە هەورەکان)دا، داوای سەربەستی بۆ کویلەو پیاوانی داگیرکەر دەکات کە ئەوانیش لە ژیانی دیکتاتۆری و زۆرە ملێی و ستەم بێزارن.

مرواریەك لە تاجی شایەك ترازا

وەکو باڵدارێکی بریندار

باوەشی بەزەوییدا کرد

کۆیلەك بۆی نوشتایەوە

هەڵیبگرێ و بیداتەوە

لە تاجی شای پایەدار

مرواری بێ دەم و زمان

چاوی لە کۆیلە قوچان

لە عەزرەتا کەوتە دوان

هاواری کرد: بێزار بووم
تاجی شام لێ بووە بە کۆت
بۆنامدزی و نامکەیتە عەشقبەندێ
بۆ گەردنی ژنەکەی خۆت(٣٥)

شاعیر بەسەرهاتی مرواریەك دەکات بە هێمای ئێش و ئازاری چەوساوەکان ئەوانەی لەبن دەستی پاشادا هەموو ڕۆژێ تالاوی مەرگ ئەچێژن، لێرەدا شاعیر مرواری لە وێنەی باڵدارێکی زامداردا دەبینێتەوە، کۆیلەش کە بەردەوام لە خزمەتی پاشادا بووە و بەچرکەیەکیش بیری لە دەرباز بوون لەو ژیانە نەکردۆتەوە، هەوڵئەدا مرواری هەڵبگرێتەوە و بۆ پاشای بباتەوە بەڵام مرواری، داوای دەرباز بوون لەو ژیانە سەختە دەکات، شاعیر خواستنی شاراوەی بەکارهێناوە چونکە هەموو سیفەتێکی مرۆڤی داوە بە مرواری.

حمە سەعید حەسەن لەدەقی: (کە زەردەخەنە کۆچ دەکا)، هۆنراوەکەی پێشکەش کردووە بۆ گیانی نەمری نیرۆدا و هەموو شەهیدانی سانتیاگۆ تەنیا پێشکەش کردنەکەی لە خۆییدا هێمایەکی زیندووە، گیانی نەمری شاعیر(پاپلۆ نیرۆدا) و شەهیداانی سانتیاگۆی چواندووە بە شەهیدانی کوردستان:

بۆ گیانی نەمری نیرۆدا و هەموو شەهیدانی سانتیاگۆ:
شەوانە بە خەیاڵی ئەو شاعیرەوە
خەو لە چاوانم ئەتۆرێ
کەلەسەر ئەوەی باڵدار بوون
شەیدای پەرچەمی شۆڕەبی و
باڵای بەرزی هەزاران سوورە چنار بوون
هەڵچوونی داخی دەروون وبڵێسەی ڕقی هەژار بوون
هەر زەردەواڵە بوو چزا بە قولایی دڵیانەوە
هەرچەند مەرگیان بۆ نەنوسراو ژیانەوە
لە هۆنراوەی شاعیرە قاچاخەکاندا ژیانەوە.(٣٦)

شاعیر ئەوەی لە دەرونیا دەجۆشێ ناتوانێ ڕاستەوخۆ دەریببڕێت، پەنا بۆ پەیوەندیەکی ئەوینی دەبا، دڵدار و عاشقی شۆڕەبی هێمان بۆ ئەو قارەمانانەی بوون بە قوربانی بۆ خاکی نیشتمان، شۆڕەبی هێمایە بۆ نیشتمان. شاعیر هەر بەوەوە نەوەستاوە بە وێنەیەکی جوانی خواستنی ئاشکرا، گەڵا تەڕو سەوزەکانی شۆڕەبی چواندووە بەپەرچەم، پەرچەم خواستنی ئاشکرایە لە شوێن گەڵا هاتووە، شاعیر بەزنجیرەیەك وێنەی ئاگرین لەسەر شیعرەکەی دەڕواو ودەڵێت:(هەڵچوونی داخی دەروون و بڵێسەی ڕقی هەژاران)، شاعیر ڕقی وەکو پشکۆی ئاگر بینیوە، ئەمەش هێمایە بۆ ئەو تووڕەییەی، کە لە ناخی هەژاراندایە، بۆ دروستکردنی ئەو هێمایە

پەنای بۆخواستنی شاراوە بردووە، چونکە ڕقی بەئاگر چواندووە. ئاگر، کە پێچوێنراوە نەهاتووە بەڵکو تەنیا سیفەتەکەی هاتووە کە بڵێسەیە بەم جۆرە خواستنەش دەوترێ خواستنی شاراوە.

شاعیر ئازاد دڵزار لە دەقی( تەرزە)دا دەڵێت:"

کۆترێك لە لوبنانەوە هات

گێڕایەوە

کە چۆن درەختی زەیتون و

دارستانی(ئەرز)یان سووتان

لەوکاتەدا سمۆرەیەك زریکانی

فریا کەون

وادارگوێزەکان داگیرسان[٣٧]

شاعیر بەزمانی کۆترێکەوە، کە هێمای ئاشتیە و هێلانەکەی لەسەر درەختی زەیتون و ئەرزە، بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن هێلانەکەی خاپوور کراوەو لەو دۆزەخە هەڵهاتووە، کە ئەمەش هێمایە بۆ ئەو شەڕە خوێناویەی، کە لە لوبناندا بەرپابوو، هەر لەکاتی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە سمۆرەش هاواری لێ بەرز ئەبێتەوە بەوەی کە دارگوێزەکانیان سووتاند.. لێکچواندن لەنێوان ئەم دوو گیانلەبەرەدا هەیە، بەوەی کە هەردووکیان مەرگەساتی دووگەل دەگێڕنەوە.

جەماڵ غەمبار لە دەقی –هەردوو دیوی پایزی(هەشتاویەك دا) دەڵێت:"

کە من بۆنی پایز دەکەم

لە پێش ئەوەی هەناسەی گەرمی لەیلایەك

ئۆخژن بخەنە دەروونی ساردمەوە

وا هەست دەکەم

سەری پرشکۆداری( سەیوان)م

ناوە بە سنگی ڕەشمەوە

ئەو گردەشی لە مێژە

بۆتە هاوسێ و دۆستی سەیوان

ژانە شەوی سەدان عاشق ڕادەژنێ

لە دڵمایە و

لەدڵە وە بۆی دەڕوانم .[٣٨]

لێرەدا شاعیر وەکو مرۆڤێك لەگەڵ سەیواندا هەڵسوکەوت دەکات بەوەی کە سەری پرشکۆی ناوە بە سنگی ڕەشی دووکەلاوی شاعیرەوە، کە لێرەدا ئەو ڕەنگ ڕەشیە هێمایە بۆ ئەو گڕەی لە دەروونی شاعیر دایە دوایش گردی شەهیدان دەکات بەو بێشکەیەی کە سەدان شەهیدی عاشق بە خاکی لە ئامێزگرتووە، شاعیر دەیەوێ بەرێگای درکەوە بڵێ گردی شەهیدان چونکە گردی شەهیدان دراوسێی گردی سەیوانە بۆیە دەڵێت:( ئەو گردەشی لە مێژە.. بۆتە هاوسێ و دۆستی سەیوان).

محەمەد بەدری شاعیرلە دەقی ( چوار فرمێسکی گەرم)دا دەڵێت:

بابا تاهیر

هەتا ئێستاش ئاوارەیە

ئەم کابرایە دەریایەکی بێ خاوەنە

کەچی هەروەك کێوی بێستون

ئەوەی لە فەرهەنگیا نەبێ

تەنیا نەمان و مردنە.(٣٩)

ناوی(بابا تاهیر)خواستراوە وەکو هێمایەك بۆ گەلی کورد، چواندوویەتی بە کێوی بێستون، کە ئەویش ئاماژە بۆ خۆڕاگری و بەرگری کردن دژی دوژمنان و داگیرکەران .

دڵشاد مەریوانی لە دەقی ( پەلکە زێرینەش نامۆ مەکەن) دەڵێت:

ئەم خاتوونە

ئەسپی گەواڵە هەورێکی قەنەوزی

بۆ سەفەرەکەی خواستووە

توێشوی سەفەری

بۆنی هەناسەی دارگوێز و

قاسپەی کەوی چیایە

لەناوەند جەنگەلێك گورگا

بۆ مەزاری

کانیەکی زینوو وێڵە

خەڵکی دەڵێن گورگ دەیخوا

بەڵام.. نا

دەگاتە کانیەکەو

خۆی لێ دەشوا(٤٠)

شاعیر وێنەی خەباتی کچە کوردێکمان بۆ بەرجەستە دەکات لە پێناوی ئازادی خۆیدا، بەم ڕێگا پڕ دڕك و بەرزی و نشێویەی ژیاندا دەڕوات وادەڕوانێ کە نامەیەکی بەرز و پیرۆزی پێیە چونکە هەور دەکاتە هێما بۆ سەفەرەکەیو ڕێگاش چەنگەڵستانێکە پڕ لە گورگە، لێرەدا گورگ خواستراوە بۆ دڕندەیی دوژمن.

تەوەری سێهەم:

جۆرەکانی هێما لە شیعری هەندێ شاعیـــری نـاو گۆڤارەکەدا

١- هێمای مێژوویی:

شاعیران پەنایان بۆ هێمای مێژوویی بردووە چونکە( مێژوو سەرچاوەیەکی گرنگە،

پڕیەتی لە ڕووداووکارەساتی هەمەجۆر جا شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕەمزی مێژوویی، لەلایەك ئەزموونی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکا، لەلایەکی تر کەسایەتیە مێژووییەکان وەکو دەمامکێك وەردەگرێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیر بکات یاخود کەم و کورتیەکانی چەرخی نوێ ی پێ بەدەرخا).[٤١]

شاعیران کە هێمای مێژووییان بەکارهێناوە بۆ ئەوە بووە بڵێن ڕووداوەکانی مێژوو دەیسەلمێنن، کە گەلی کورد بەچەندین قۆناغی جۆراوجۆردا ڕۆیشتووە وبەرزی و نشێوی زۆری دیوە، بۆیە دەبێ سوود لەو ئەزموونە وەربگرن. لەبارەی گرنگی مێژووەوە د.کەمال مەزهەر دەڵێت:( مێژوو زانستی زانستەکانە، وەك خوێی چێشت وایە بۆیان.. بەڵام لە هەمووان گرنگتر مێژووی ژیانە، کە گشت زانستەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژانەو ئالوگۆڕەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە بۆهەر کەسێك بیەوێ دەرسەکانی مێژوو گەورەن، نەمری راستەقینەش لای مێژووە).[٤٢]

شاعیرحمە ئەمین پێنجوێنی لە دەقی ( قەڵای هەولێر)دا گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکان و ئاماژە بەوە ئەدات، کە دوژمنانی کورد لەسەر خاکی کوردستان لە نێوان خۆیاندا داویانە بەیەکدا و خوێنی یەکتریان ڕشتووەو ناوی چەند سەرکردەی سووپای هێناوە و کردوونی بە هێمای دەسەڵات و داگیرکردن و چواندوونی بەو داگیرکەرانەی لەم سەردەمەدا هەڵپەی داگیرکردنی خاکی کوردستانیان هەیە، بەڵام ئەوانیش وەکو دژومنانی دی لەناو دەچن و سەرکەوتن بۆ گەلی کوردە:

زەمانی زوو
سەرەتای پەیدابوونی مێژوو
کۆرش ئەهات
گەزنەفۆن چوو
ئالێرەدا دارا و ئەسکەندەر لێکیان دا
کە داریوش چوو
پاشووی ئەسپ و چارەوێ یان
هەموو داچوو
لووتی خۆیی و نووکی ڕمیان
بەئەزەلی
دای لە تاشە بەردی گەلی[٤٣]

٢- هێمای ئەفسانەیی:

ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باس دەکات کە لەسەردەمێکی زۆر کۆندا ڕوویانداوە و ئەو دیاردە گەردونیانە شیدەکاتەوە کە لەمێژە مرۆڤ خەریکی لێکدانەوەیەتی، (میتۆلۆژیا کە بە ئینگلیزی(Mythology) وبەفەرەنسی(Mythologie)و بەئەڵمانی(Mythologie)یە وشەیەکی ئەوروپاییە و دەچێتە سەر وشەی(Mythose) ی وێنانی).[٤٤]

لە قۆناغێکی پێشکەوتنی فیکری مرۆڤدا، کە مرۆڤ هێشتا خۆی بە هیچ ئاینێکی ئاسمانی

نەبەستبوو، ئالەوکاتەدا ئەفسانە پەرەی سەند و بووە هۆیەك بۆ داهێنانی هونەری شیعری)[٤٥]، (ئەفسانە یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفی ئەنوێنێ، ئەم قۆناغە فەلسەفییە سەرەتاییە وەك قۆناغە فەلسەفیەکانی تر، لە ئەنجامی قولّ بوونەوە لە دیاردەکانی کەون و پێوەندیان بە ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەرزا پەیدا دەبێ).[٤٦]

(زانایان و خەڵکانیش بڕوایان وابوو ئەفسانە و هەواڵەکانی، کۆمەڵێك چیرۆك و سەرگوزشتەی خەیاڵی بوون بەمەبەستی ڕاڤەکردنی بوون و مەبەستی مرۆڤایەتی تر سەریان هەڵداوە) [٤٧]، (ئەفسانە زیاتر مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆزی مرۆڤایەتیدا دەکات و کردەوە گەلێکی ماقولّ و بەبەڵگە نیەو لە بنەڕەتیشدا ئەوانەی خاوەنی تێڕوانینە ئەفسانەییەکانن، لە دووی ڕاست کردنی عەقڵی بەبەڵگەدا نەگەڕاون وڕاستی و دروستی باوەڕەکانی خۆیان لەگەڵ بنەچە وهاوتاییەکانی جیهانی ئەندێشەدا دەسەلمێنن.)[٤٨]

شاعیرانی کوردیش وێنەی ئەفسانەییان بەکارهێناوە بۆ بەرجەستەکردنی وێنەی هونەری و خولّقاندنی ئیستاتیکای شیعری، هێما ئەفسانەییەکانیان پەیوستە بەو بنەما کۆمەڵایەتیانەی لەناو گەلی کوردا باوە و مۆرکێکی کاریگەری بەکلتوری کوردیەوە هەیە، شاعیر عەباس عەبدوڵلا یوسف لە دەقی ( پەنجەوانەی شەوەدا)سوود لە ئەفسانە دەبینێ و وەکو هێما دایدەڕێژێت، بەشێوەیەك، کە لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا بگونجێ .

ئەو پەراسووەم
کەدایە پیرە حەوام لێی خولّقاندبوو بشکێ
کێ شەوگارمان خۆش بکا
کێ شیعرمان بۆ بکا
کێ ئاوێنەمان بە بیر بێنێ
کێ منالانمان ژێر بکاتەوە
شەوەم دیتبوو
لووتی مەترێك درێژ بوو
ددانی ددانی ددانی
چرنووکی چرنووکی چرنووکی
ئای بگەنە هاوارم[٤٩]

شاعیر ئەو ئەفسانە کۆنە باس دەکات کە لە کۆندا لە کۆمەڵگای کوردیدا باوی بووە، شەوە چۆتە گیانی منالی ساواوەولە ناوی بردوە، بۆیە کەسوکار شەونخونیان کردووە بۆ ئەوەی گیانی کۆرپەکەیان بپارێزن.

شاعیر دوژمنی کوردی بەشەوە وێناکردووە، شەوە هێمای دڕەندەیی و گیان کێشانە، خاوەنی ڕووخسارێکی ناقۆلاو کەڵبەی زل و چرنوکی تیژەو سامناکە بۆیە داوای کۆمەك و یارمەتی دەکات هەتا لەدەستی دوژمنی هێرشکەر رزگاری بێت و بەئاسوودەیی بژی.

### ٣- هێمای کەلەپوری

کەلەپوور گەنجینەیەکی پڕ بایەخی میللەتەو کەرەستەی داهێنانی شاعیرانە،(شێوەی ژیانی کۆنی پێش هەزاران ساڵی باووباپیران دەردەخات، پلەی شارستانی و خوو ڕەوشت و بیرو باوەڕیان پیشان ئەدات، ئەمانەش هەموو سەرچاوەیەکن بۆ ژیانی ئەمڕۆمان، واتا ژیانی پێشومان ئەبەستێ بە زمانی ئەمرۆمانەوە)،[٥٠] (شاعیریش یەکێکە لە ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەی کە خاوەنی ئەو سامانەیە ئەم بەرهەمە ئەدەبیانە بیرو هۆشیان ئاوداوە بۆیە زۆرجار لە ئاگاییەوە بێت یالە بێ ئاگایی پەنا دەباتە بەرکەلەپوور و وێنەی جوان و قەشەنگی لێ هەڵدەهێنجێ و بەشێوەیەکی هاوچەرخ دای دەڕێژێتەوە).[٥١]

لەو ڕوانگەیە شاعیری هاوچەرخ ڕووی کردە داستان و پەندو شیعری فۆلکلۆریو دابو نەریتوگشت ئەو بیرو باوەڕانەی میللەت پەیڕەویان دەکات و بڕوای پێی هەیەو وێنەی بەپێزی لێ وەردەگرێت.

(شاعیر لە وەرگرتنی وێنەکە لە کەلەپووردا مۆڵتەزیم نییە وەکو خۆی وەریبگرێت بەڵکو شاعیر زیرەکی خۆی بەکاردەهێنێ لە داڕشتنەوە و خستنە ڕووی بەشێوەیەکی کە خۆی دەیەوێ و لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا دەیگونجێنێ)[٥٢].

کەلەپوور ئەو پردەیە، کە ڕابردوو بە ئێستاوە دەبەستێتەوە شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش نەیانتوانیوە خۆیان لەو سەرچاوانە بەدووربگرن هەر لە شیعری نوێ کوردیدا عاشقانی ناوچیرۆك و داستانەکان بوونەتە هێمای خۆشەویستیەکی پاك و بێگەرد لە دەقە شیعریەکانیادا ئاماژەیان پێداوە، وبەرهەمی جوانیان پێ نەخشاندووە، شیرکۆ بێکەس لەدەقی (فورات و چەند گۆرانیەکی خەمگین)دا باس لە چیرۆکی (لاس و خەزاڵ) دەکات کە چۆن لە پێناوی خۆشەویستیدا ڕێگای سەختی ژیان دەبڕن و هەریەکێ لەوان هێمایەکن بۆ تێکۆشانی نەتەوەکەیان.

لاس و خەزاڵ میوانمانن
گوێم بۆ دایکم ڕاگرتووە
کە(لاس)ئەدوێ
کە(لاس) ئەڕوا
دۆڵ بە دۆڵ و
شاخ بە شاخ و
ڕەوز ... بە ڕەوز
من لە گەڵیام
وەختی وەنەوز لەناوچاوما
ئەکەوێتە باڵەفڕێ
هێشتا فورات ئەناڵێنێ و
لەو لاشەوە
(لاس) هەر ئەڕوا و ڕێگە ئەبڕێ.[٥٣]

هەروەها لە دەقی( بەیتی ئاگر)دا، کەلەپووری وەکو دەمامك بەکارهێناوە، کاوەی ئاسنگەر کە هێمای تێکۆشانی گەلی کوردە، دەهێنێتە پێش چاووی میللەتەکەی و خۆشی وەکو تێکۆشەرێك لە پشتی ئەو دەمامکەوە ئازارەکانی خۆی دەردەبڕێت و باس لە تێکۆشانی (کاوە)ش دەکات کە لەپێناوی ئازادیدا قوربانی بە جگەرگۆشەکانی خۆی داوە و لەگەڵ ئەوەشدا لە خەبات و تێکۆشاندا هەر بەردەوامە.

ساڵ نی یە، پەل و پۆی، درەختی گڕ گرتوو
چراخان لەکەژ و دەربەندا هەڵ نەکا
ساڵ نی یە ئەو گڕە چیرۆکی بۆ عەشقی
کاوەیەك نەنووسێ و
بۆ مەرگی زوخاکێ
ساڵ نی یە.... پشکۆی ئەو ... ئەژدیها کوێر نەکاو،
تاریکی ڕاو نەنێ
ئەم"بەیتی" ئاگرە، پشتاوپشت
دەماو دەم
کوڕێك و کچێکی ئاسنگەرە
بڵێسەی خۆش بووە.... (٥٤)

٤- هێمای ئاینـــی

(لە ڕێگای ڕەمزی ئاینیەوە حەقیقەتەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەبێت)(٥٥)، (شاعیرانی کلاسیکی بەشێوەیەکی بەرفراوان مامەڵەیان لەگەڵ ئاین کردووە، چونکە پەروەردەیەکی ئاینیان هەبووە، هەر ئەمەش بووە وای کردووە ڕێگای سۆفیزم بگرنە بەر و تێیدا قوڵ ببنەوە، بەڵام لە شیعری هاوچەرخ دا بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ شیعردا کراوە)(٥٦).

(شاعیری هاوچەرخ لە بەکارهێنانی ڕەمزدا بە عەقڵیەتی ئایین بیرناکاتەوە لەمەدا دەردەکەوێت، کە لەنێوان ئەزموونی سۆفێتی و تاقیکردنەوەی شیعریدا جیاوازی هەیە)(٥٧). لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا هێمای ئاینی پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە و بەمەبەستی جیاجیا بەکارهاتووە، شاعیر(ڕەوا)لە دەقی( شاری گردا) حەللاج وەکو هێمای کۆڵنەدان وێنا دەکات.

کە حەللاجیان وەك بەرخی نێر سەربڕی
پەڕە پەڕە تەورات و ئینجلیان دڕی
جارێ دەست و جارێ پێ یان
لێ ئەقرتان
خوێنی تکایە سەر زەوی
بوو بە ئایەت بوو بە قورئان

کەسەریان لەلاشەقرتان
ئەیوت منم ڕاستی ژیان
کەدەست و پێ یان ئەقرتان[٥٨]

ناوهێنانی حەللاج هێمایە بۆ کوڵنەدان و قوربانی دان، تەورات و ئینجلیش هێمای پاکی و بێگەردین،( راستی ژیان ) هێمایە بۆ وتە بەناو بانگەکەی حەللاج (أنا الحق)، کە هەمیشە لەسەر زاری بوو، شاعیر هێمای بەرگریکردنی لە ڕۆژێکدا بەکارهێناوە، کە دوژمنانی کورد هەموو هۆکارێکیان بۆ لەناوبردنی گەلی کورد خستبووە کار.

لە کۆتاییدا گەیشتوینەتە ئەو ڕاستیەی کە شاعیران هەریەکەو بە شێوازی خۆی لەبەکارهێنانی هێمادا ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە و توانیویەتی شێوازەکانی هێماو جۆرەکانی سەرکەوتوانە بەکار بهێنێ و لە دروستکردنی هێمادا سودێکی باش لە خوازە و خواستن و لێکچواندن و درکە ببینێ و بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لە ڕێگای هێمای مێژوویی و ئەفسانەیی و کەلەپوری و ئاینیەوە ئەومەبەستەی هەیبوە بە خوێنەری بگەیەنێت.

## ئـــەنجــام

لەم باسەدا گەیەشتوین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-گۆڤاری نووسەری کورد ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بواری گەشەسەندنی ئەدەبی کوردیدا لەو قۆناغەدا کە تیای دەرچووە.

٢-هێما هۆیەکی گونجاو بووە بۆ دەرباز بوونی شاعیران و خواستەکانیان لە دڕندەیی دەسەڵات.

٣-هێما هۆیەکی گونجاو بووە کە شاعیران توانیویانە ئەوەی لە دەروونیاندایە دەریببڕن.

٤-شاعیرانی کورد هەریەکەو بەپێی شارەزایی و ئاشنابوونی بەو هێمانە... لە وێنەکانیاندا بەکاریان هێناوە، هەندێکیان هێما ئاشکرا و دیارەکانیان بەکارهێناوە، هەندێکیشیان بەپێی فراوانی زانیاریەکانیان هێمایان بەکارهێناوە کە خوێنەری کورد پێی ئاشنا نییە و پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە وەکو هێماکانی شێرکۆ بێکەس.

٥-ئەم شاعیرانە لە ڕێگەی هێمای مێژوویی و ئەفسانەیی و کەلەپوری و ئاینیەکانەوە بەهایەکی ئیستاتیکیان خوڵقاندووە ئەو خواست و مەبەستانەی هەیانبووە بە خەڵکیان گەیاندووە.

## پەراوێزەکان

١-د.عبدالقادر حمه أمين محمد، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەورووپی - کوردی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٢،ل١٢٣.
٢-د. پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان(١٩٧٠- ١٩٩١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل.٧
٣-د.محمد فتوج أحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٨، ص.٣٣
٤-سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣.
٥-د. محمد غنيمي هيلال، النقد الأدبي الحديث، ط٣، القاهرة، ص٣٨- ٣٩.
٦-د. محمد فتوح احمد، الرمز و الرمزية في الشعر المعاصر، ص.٣٧
٧-سەرچاوەی پێشوو.، ص.٣٨
٨-مەجید مەحمود، شیعر و فەلسەفە، فوئاد مەجید میسری، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ج٢، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٧.
٩-د. فەرهاد نازر زادەی کرمانی، هێماگەرایی لە ئەدەبیاتی شانۆیی دا، و: پێشڕەو حسین صالح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٥.
١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٥.
١١- ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبیەکان، و: حمە کریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٨٨، ل.١٥٦
١٢-روز غريب، تمهيد في النقد الحديث، ط١، دار المكشوف، بيروت، ١٩٧٩، ص٢٢.
١٣-بڕوانە: ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئێستاتیکیەکانی شیعر، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٦٨.
١٤-ڕەزا شەجیعی، ڕۆمانسیزم واقع خوازی، گ. کاروان، ژ.١٧٤، ٢٠٠٣، ل.٤
١٥-د. پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی، ل٣٤.
١٦- فريد انطونيوس، المذاهب الادبية الكبرى، ترجمة: فيليب فان تيغم، ص٢٧٤.
١٧-سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧٥.
١٨- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨٠.
١٩- بڕوانە، د. تاهیر محمد علی، د. قومری سەعید عەزیز، ڕوانین لە دەق، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٧٠.
٢٠- د.کمال معروف، ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، گ: زانکۆی سلێمانی، ژ(١٤)، ساڵی ٢٠٠٤، ل١٣٧.
٢١-مالكم براد بري و جيمس ماكارفين، الحداثة، مطبعة دار الحرية، بغداد، ١٩٨٧، ص.٢٦٧
٢٢-د.عبدالقادر محمد امین، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەوروپی- کوردی، ل١٣٥.
٢٣-امية حمدان، الرمزية و الرمانتكية في الشعر اللبناني، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨١، ص٢٤.

٢٤- كەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەروئیستاتیکا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥، ص٢٣٧.
٢٥-رەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، ل١٦٩.
٢٦-بڕوانە، د. پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا، ل٣٧-.٣٨
٢٧-مەجید مەحمود، شیعرو فەلسەفە، و: فوئاد مەجید میسری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٣.
٢٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.
٢٩- د. عبدالقادر محمد امین، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەوروپی- کوردی، ل١٦٤.
٣٠- د.کمال معروف، ڕەمز لە شیعری شیرکۆ بێکەس دا، ل١٤٠.
٣١-سي دي لويس، الصورة الشعرية، ت: أحمد نصيف الجناني و مالك ميري وسلمان حسن ابراهيم، مؤسسة الخليج للطباعة و النشر، الكويت، ١٩٨٨، ص.٢١
٣٢-اليزابيث درو، الشعر كيف نفهمه و نتذوقه، ت: محمد ابراهيم الشوشي، مطبعة عيتاني الجديدة، بيروت، ١٩٦١، ص٥٩.
٣٣-عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی، ب١، چاپخانەی الجاحظ،بەغدا، ١٩٧٢، ل٦٩.
٣٤-شیرکۆ بێکەس، کۆست و چرا، نووسەری کورد، خ دووەم، ١٩٨٠، ل٦١.
٣٥-لەتیف هەڵمەت، شیعرە هەورەکان، نووسەری کورد، ژ(١)، خ دووەم، ١٩٧٩، ل.٦٧
٣٦- حەمە سەعید حەسەن، کەزەردەخەنە کۆچ دەکا، نوسەری کورد، ژ(١)، خ دووەم، ١٩٧٩، ل.٨٨
٣٧-ئازاد دڵزار، تەرزە، نووسەری کورد، ژ(٢)، خ دووەم، ١٩٧٩، ل.٧٧
٣٨- جمال غەمبار، هەردوو دیوی هەشتاویەك، نوسەری کورد، ژ(١٠)، خ دووەم، ١٩٨٢، ل٣٠-.٣١
٣٩-محمد بەدری، چوار فرمێسکی گەرم، نوسەری کورد، ژ(٢)، خ سێهەم، ١٩٨٥، ل٩٢.
٤٠-دڵشاد مەریوانی، پەلکە زێرینەش نامۆ مەکەن، نوسەری کورد، ژ(٣)،خ سێهەم، ١٩٨٥، ل١٧٢.
٤١- د.کمال معروف، ڕەمز لە شیعری شیرکۆ بێکەس دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ(١٤)، ٢٠٠٤، ل١٤١.
٤٢-د. کمال مەزهەر، ڕێنسانس، و: فوئاد مەجید میسری، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٧.
٤٣- حەمە امین پێنجوێنی، قەڵای هەولێر، نوسەری کورد، ژ(١)، خ سێهەم، ١٩٨٥، ل٧٠.
٤٤- جەمال نەبەز، سەرنجێك لە میتۆلۆژیای کورد، ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆلم، ١٩٨٦، ل٣.
٤٥- د.نبیلە ابراهیم، ئەفسانە، و: محمد بەدری، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٦، ل٦٢.
٤٦-سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

٤٧-صالح بن حمادي، دراسات في الاساطير و المعتقدات الغيبية،دار بو سلامة للطباعة و النشر، تونس، ١٩٨٣، ص.٤٢

٤٨-د. فەرهاد نازر زادەی کرمانی، هێماگەرایەتی لە ئەدەبیاتی شانۆیی دا، و:پێشرەو حسین صالح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٥.

٤٩-عەباس عبدالله یوسف، پەنجەوانەی شەوە، نووسەری کورد، ژ(١)، خ سێهەم، ١٩٨٥، ل٩٨.

٥٠- ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئێستاتیکەکانی شیعر لای پیرمێرد و شێخ نوری شێخ صالح و گۆران، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٨٢.

٥١-سەردار احمد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(١٩٧٠- ١٩٩١)،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل.٣٠

٥٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢.

٥٣- شیرکۆ بێکەس، فورات و چەند گۆرانیەکی غەمگین، نووسەری کورد، ژ(٩)، خ دووەم، ١٩٨٢، ل١١٧-.١١٨

٥٤-شێرکۆ بێکەس، بەیتی ئاگر، نووسەری کورد، ژ(٨)، خ دووەم، ل.٤٣

٥٥-د. عاطف جودة نصر، الرمز الشعري عند الصوفية، ط١، دار الاندلس للطبع و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٨٧، ص٣٣.

٥٦- سەرچاوەی پێشوو.

٥٧-د.کمال معروف، رەمز لە شیعرەکانی شیرکۆ بێکەس دا، ل١٤٧.

٥٨-ڕەوا، شاری گڕ، نووسەر کورد، خ سێهەم، ١٩٨٧، ل٩٩.

## سەرچـــاوەكان

سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:


١. ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئێستاتیكیەكانی شیعر، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.

٢. د. پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی كوردی، كرمانجی خوارووی كوردستان ١٩٧٠– ١٩٩١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٣. د. تاهیر محمد علی، د. قومری سەعید عەزیز، روانین لە دەق، چاپخانەی كەمال، سلێمانی، ٢٠١١.

٤. جەمال نەبەز، سەرنجێك لە میتۆلۆژیای كورد، ئەكادیمیای كوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆكهۆلم، ١٩٨٦.

٥. ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبیەكان، و: حمە كریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٨٨.

٦. سەردار احمد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری كوردی دا(١٩٧٠-١٩٩١)،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٧. د.عبدالقادر حمە أمین محمد، ئەدەب و ڕێبازەكانی ئەوروپی – كوردی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٢.

٨. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی، ب١، چاپخانەی الحاحظ، ١٩٧٢.

٩. د. فەرهاد نازر زادەی كرمانی، هێماگەرایی لە ئەدەبیاتی شانۆیی دا، و: پێشڕەو حسین صالح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٠. د. كمال مەزهەر، ڕێنسانس، و: فوئاد مەجید میسری، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١١. مەجید مەحمود، شیعر و فەلسەفە، فوئاد مەجید میسری، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ج٢، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٢. د.نبیلە ابراهیم، ئەفسانە، و: محمد بەدری، وەزارەتی رۆشنبیری وراگەیاندن، بەغدا، ١٩٨٦.


گۆڤارەكان:


١٣. شیركۆ بێكەس، كوست و چرا، نووسەری كورد، ژمارە(٤)، خولی دووەم، ١٩٧٩.

١٤. شیركۆ بێكەس، فورات و چەند گۆرانیەكی غەمگین، نوسەری كورد، ژمارە(٩)، خولی دووەم، ١٩٨٢.

١٥. لە تیف هەڵمەت، شیعرە هەورەكان، نووسەری كورد ژمارە(١)، خولی دووەم، ١٩٧٩.

١٦. شێركۆ بێكەس، بەیتی ئاگر، نووسەری كورد، ژ(٨)، خ دووەم، ١٩٨٢.

١٧. حمە سعید حەسەن، كە زەردەخەنە كۆ دەكا، نووسەری كورد ژمارە(١)، خولی دووەم،

.١٩٧٩

١٨.ئازاد دڵزار، تەرزە، نووسەری کورد ژمارە(٢)، خولی دووەم، ١٩٧٩.

١٩. جەمال غەمبار، هەردوو دیوی پایزی ( هەشتاو یەك)، نووسەری کورد ژمارە(١٠)، خولی دووەم، ١٩٨٢.

٢٠.محەمەد بەدری، چوار فرمێسکی گەرم، نووسەری کورد ژمارە(٢)، خولی سێهەم،١٩٨٥.

٢١. دڵشاد مەریوانی، پەلکە زێڕینەش نامۆ مەکەن، نووسەری کورد ژمارە(٣)، خولی سێهەم، ١٩٨٥.

٢٢. حمە امین پێنجوێنی، قەڵای هەولێر، نووسەری کورد ژمارە(١)، خولی سێهەم، ١٩٨٥.

٢٣.عەباس عەبدوڵڵا یوسف، پەنجەوانەی شەوە، نووسەری کورد، ژمارە(١)، خولی سێهەم، ١٩٨٥.

٢٤. ڕەوا، شاری گڕ، نووسەری کورد، ژمارە(٢)، خولی سێهەم، ١٩٨٥.

٢٥. د.کمال معروف، ڕەمز لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ١(١٤)، ٢٠٠٤.

٢٦.ڕەزا شەجیعی، ڕۆمانسیزم واقع خوازی، گۆڤاری کاروان، ژمارە(١٧٤)، ساڵی ٢٠٠٣.

سەرچاوە عەرەبیەکان:

٢٧.امية حمدان، الرمزية و الرمانتيكية في الشعر اللبناني، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨١.

٢٨.اليزابيث درو، الشعر كيف نفهمه و نتذوقه، ت: محمد ابراهيم الشوشي، مطبعة عيتاني الجديدة، بيروت، ١٩٦١.

٢٩.سي دي لويس، الصورة الشعرية، ت: أحمد نصيف الجناني و مالك ميري وسلمان حسن ابراهيم، مؤسسة الخليج للطباعة و النشر، الكويت، ١٩٨٨.

٣٠.صالح بن حمادي، دراسات في الاساطير و المعتقدات الغيبية،دار بو سلامة للطباعة و النشر، تونس، ١٩٨٣.

٣١. د.عطاف جودة نصر، الرمز الشعري عند الصوفية، ط١، دار الاندلس للطبع و النشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٧.

٣٢.فريد انطونيوس، المذاهب الادبية الكبرى، ترجمة: فيليب فان تيغم،ط٢،منشورات عويدات، بيروت، لبنان،١٩٧٥.

٣٣.د. محمد غنيمي هيلال، النقد الأدبي الحديث، ط٣، القاهرة، ١٩٦٤.

٣٤.د. محمد فتوح احمد، الرمز و الرمزية في الشعر المعاصر،دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٨.

٣٥.مالم برد بري و جيمس ماكارفين، الحداثة، مطبعة دار الحرية، بغداد، ١٩٨٧.

## ملخص البحث

الرمز كمصطلح أدبي استخدمه الشعراء الكرد في مختلف الازمنة و ذلك تفادياً لبطش الانظمة المتعاقبة في حكم العراق، حيث لجأ اليه الشعراء ليعبروا عما في نفوسهم تجاه السلطات القمعية التي ظلت جاثمة على صدور الشعب الكوردي لسنوات طويلة، وكذلك الرمز كعنصر جمالي في الصورة الشعرية.

يتضمن هذا البحث من ثلاثة اقسام، ففي القسم الاول تناولنا مفهوم الرمز وكيفية بروزه و نموه بصورة مسهبة وفي القسم الثاني تطرقنا الى تلك الرموز التي استخدمها الشعراء الكرد في مجلة( الاديب الكردي)بدورتها الثانية و الثالثة، وفي القسم الثالث تناولنا فيه انواع الرموز في المجلة المذكورة وانهينا البحث بمجموعة من النتائج مع ملخص له بالغتين العربية و الانجليزية.

## Research Summary

The Symbol is a literary phenomenon has been used in the Kurdish literature by the poets for the purpose of delivering objectives in their texts, in times there were censorship over the literary products, especially poetry, and not allowed to publish.

Section I: searching at the concept of Symbolism and how it has been appear and evolved.

Section II: searching in the use of the Symbol in the texts by poets who have published their offspring in the( Nusary Kurd-Kurdish Writer) magazine first and second session and an analysis has been done for the texts.